# جینۆساید لەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد،
# ئەو کتێبەی وێنەکانی مەرگمان پیشاندەداو فێری ژیانمان دەکات.




## عومەرمحەمەد

ئەگەرچی ساڵانێکە لەسەر ئەنفالو جینۆسایدکردنی کورد کاردەکەم، لەمیانەی ئەوچەند ساڵەدا سەدان حیکایەتی قورسو هەزاران دۆکۆمێنتوبەڵگەنامەی مەرگدۆستانەی دەامودەزگا سەرکوتگەرەکانی بەعسم خوێندووەتەوەو تاووتوێمکردوون، ئەوحیکایەتو بەڵگەنامانەی مرۆڤ لەمرۆڤایەتی دەخەن، ئەودنیایەی تیایدا ئەخلاقیاتی بەعسیزم، ئەوەندەی بەرەومەرگ کێشی کردوون، هێندەبەرەو ژیان پالیپێوە نەناون، بەڵام ئەوەی بۆمن بووەتە مەسەلەیەکی مەحاڵ ئەو راستییەیە کەوا ئەستەمە ئەنفالو بەعسو بیری تاریکی شۆڤێنیزم بتوانن، بمکەنە مرۆڤێکی دەمارگیرودڵرەق، بەپێچەوانەوە، ئەوەندەی لەمەرگەساتی ئەنفال رادەمێنم وێنەکانی تەنها بریتین لەتوندرەوی جەلادومەگی قوربانی، بەڵام کارکردنی من بەپێچەوانەی لۆژێکی ئەنفالدا، بەقەد تورەیی جەلادو هاواری قوربانیانی ئەنفال بگرە زۆر زیاتریش لەژیان نزیکم دەکەنەوەوڕێزگرتن لەبەهاو خەسڵەتە مرۆڤایەتیەکان، بۆمن دەبنە هۆکارێکی جدی لەدژایەتی کردنی لۆژیکی ئەنفالو رەفتارەکانی بەعسیزم، ئەگەر ئەو تێروانینەم بەشێکی لەئامادەیی خۆمەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کتێبە بەناوبانگەکەی میدل ئیست وۆچ کاریگەری زۆر گەورەی بەسەرمەوە هەیەو هەمیشە دەمخاتە بەردەمی دنیابینیەکی جیاواز لەودنیابینینە باوە ناتەندروستەی لەبارەی ئەنفالوتۆڵەی ئەنفالەوە دێتە ئاخاوتن، بۆیە بەربرەوای من لەدوای ئەنفالەوە هەرباسولێکۆڵینەوەیەك لەبارەی تاوانی ئەنفالەوە کرابێت، یان لەمەولابکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ راپۆرتە مەیدانییو زانستیەکەی میدڵ ئێست وۆچ " جینۆساید لەعێراق، پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد"[1] وای بۆدەچم کورت دێنێو ناتوانێ سەرکەوتن لەمەڕ لۆژیکی ئەنفالو جینۆسایدکردنی کورد بەدەستبێنێ.

بەپێی خوێندنەوەی من بۆ ئەو راپۆرتەی میدڵ ئیست وۆچو کارمەندە تایبەتمەندەکانی، هەتابڵێی کارێکی پڕبایەخو گرنگە، چ لەسەرتاوانی ئەنفال بەتایبەتیو چ

---

[1] ئەم راپۆرتە بەچەندین زمانی دنیا وەرگێردراوەو بەهۆیەوە بەئەنفالوجینۆسایدکردنی کورد ئاشنا بوون، ئێستاش بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لەلایەن هەردوو بەرێزان (مامۆستامحەمەد حەمەساڵح تۆفیقو مامۆستا جەمال عەزیز)ەوە وەرگێراون.

لەسەرتاوانی جینۆساید بەگشتی، کەتێکرای گێرانەوەی کارەساتوسەرنجەکانی ناو ئەوراپۆرتە بەردی بناغە بۆ گەلێکی شکستخواردو بەدەم جینۆسایدەوە دادەنێتەوەو کارلەسەرئایندەی گروپێکی جینۆسایدکراودەکاتو لەهەر بەدبینیەکی تۆڵەسەندنەوە دوری دەخاتەوە.

بەڵام وەنەبێ ئەم هەوڵەی میدڵ ئیست وۆچ تەواوی کێشەوگرفتەکانی ئەنفالو جینۆسایدکردنو کاریگەریە مەترسیدارەکانی تاوتۆێ کردبێو ئیتر لەدوای ئەوەوە پێویست بەگەڕانوخۆماندووکردنی تر نەکات، لەراستیدا پیادەکردنی تاوانی جینۆساید لەکوردستان، ئەوەندە گەورەیە، نەك راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ، بەڵکو دەیانو بگرە سەدان سەنتەری تایبەت بەو تاوانە کاری تێدابکەن هێشتا ناتوانن لەکورت ماوەدا وەکو پێویست لەوێزەی ئەوتاوانەو کاریگەریەکانی دوای ئەو بێنو هەروا بەئاسانی تەواوی لایەنەکانی ڕوونبکەنەوە.

ئەوەی گرنگە لەبارەی ئەو کتێبەوە پەنجەی بۆ راکێشین، ئەوەیە کەوا لەدوای چاپکردنوبڵاوبوونەوەی، سەرنجی دنیای دەرەوەی راکێشاو تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەر رۆشنایی سەرنجو راپۆرتی کارمەندو پسپۆرە پرۆفیشناڵەکانی ئەم جووتە رێکخراوەدا( Human Rights Watch، چاودێریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستوMiddle East Watch )بەرلە هاتنیان بۆئەم مەبەستەو بەرلە چاپکردنی نەیتوانی چیدی لەئاست کۆمەڵکوژی کوردان بێدەنگ بێت، هەربۆیە لەکاتی ئاوارەیی ملیونی خەڵکی کوردستان لەساڵی 1991 بەدواوە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەبریاری 688 پشتێنەیەکی ئەمنی بۆخەڵکی کوردستان دروستکردو تەوقێکی ئەستوری کردە دەستوپێی رژێمی بەغدا، کەدواتریش لەسایەی ئەوپشتێنە ئەمنیەدا لەهێلی پانی 36دا، تیمەکانی میدڵ ئیست وۆچ بەپێی ستانداردی رێکخراوەییو بەدوادا چوونی پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەعێراقدا، زۆر بەبلیمەتانە پسپۆریی خۆیان خستووەتەکار، بەداخەوە تائەمرۆ کەدووەدادگا بریاریان لەجینۆسایدکردنی کوردو تاوانی ئەنفالداوە، کورد نەك هەرنەیتوانیوە ئەرکێکی لەوجۆرە بگرێتە ئەستۆ، بگرە نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەو راپۆرتەش بخوێنێتەوەو کەڵکی لێوەربگرێت، رەنگە خوێندەوارێکی زۆر کەم هەبن ئاشنای ئەوکارە گرنگو پربایەخە بن، کە دەشێت بەخوێندنەوەی وردی ئەوراپۆرتەی رێکخراوی ناوبراو بەرچاورونییەکی باش بەدەست بهێنینو رێگایاسایەکان بدۆزینەوەوگەلێك مافی لەدەستچوو بەدەستبهێنیینەوە.

زیادە رۆیی نابێت ئەگەر بڵێم ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە، ئەم کتێبە بەوردی بخوێنێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەونا کەحیکایەتەکانی ئەنفالو چۆنێتی کۆمەڵکوژیەکانمان بۆدەگێرێتەوەوفرمێسکی گەرممان پێدەرێژێت، بەڵکو لەبەرئەوەی، بەدیدێکی مرۆڤدۆستانەوە رێگەپیشانی گەلی کوردوکۆمەڵگەی نیودەوڵەتیش دەدات، کورد دەخاتەوە ناوهاوکێشەکانی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیوپێماندەڵێت، چۆن رێگە لەدوبارەبوونەوەی تاوانە نیودەوڵەتیەکان بگرین، تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لەکێشەیەکی لۆکاڵیەوە دەباتەوە بۆکێشەیەکی نیودەوڵەتیو بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانوئەوانەی واژۆی پەیماننامەی نیودەوڵەتی ساڵی (1948) یانکردووەوداوای قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید دەکەن لەمەڕ ئەم تاوانەی دژ بەکوردکراوە بەرپرسیارێتیان دەخاتەوە ئەستۆ.

هێشتا رژێمی بەعس هەرەشەیەکی مەترسیداربوو، کەراپۆرتەکەی مێدڵ ئیست وۆچ جگەلەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ( 350 ) کەس لەشایەتحاڵ( قوربانیو تاوانبار)و دەربازبوانی نوگرەسەلمانودەربازبوانی گۆرە بەکۆمەڵەکان کردووە، نەك هەرئەوەندە بەڵکو توانیان گۆری بەکۆمەڵیش بدۆزنەوە.[2]

رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرلە روخانی رژێمی بەعس، لەبەر رۆشنایی یاساو پەیماننامەی نیودەوڵەتی پیشنیازی یاساییو پسپۆرانەی گرنگی لەمەڕئایندەوچارەنوسی سیاسی کوردەوە خستووەتە بەردەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانو، زانیاریوهوشیاری لەمەڕ تاوانی جینۆسایدەوە پێداون، تابەهۆیەوە "پەیماننامەی لەگیانەلادابووی نیودەوڵەتی"[3] بکەوێتەوە سەرپێی خۆیو دادگای عەدلی نیودەوڵەتیش رۆڵی خۆی ببینێو لەمەرەکەبی سەرکاغەزەوە ببێتە واقعو بەندەکانی دژی جینۆساید پرکتیك ببنو ئایندە لەبەر ژەوەندی کورد بێت. هەروەك لەراپۆرتەکەیدا میدل ئیست وۆچ نوسیوێتی: ( لە سەر بنچینەی ئەو بەڵگانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون، (جینۆساید لەعێراقوپەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد) میدڵ ئیست ووۆچ تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی

---

[2] گوندی کورێمێ لە پارێزگای دهۆك لە شوباتی 1992 دا دەسنیشانکرا کە گۆڕێکی بەکۆمەڵی تێدایە. دووەم تیمی پسپۆڕ لە پزیشکیی عەدلیی ئەنترۆپۆلۆجی و بە هاوکاریی پزیشکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ PHRو، پشتبەستوو بە شارەزایی لێکۆڵەرەوانی ئەمەریکای لاتین، کە لە مایسی 1992 دا نێردران بۆ ناوچەکە. لە پاش مانگێك کارکردنی مەیدانیی لە کورێمێ و شوێنەکانی تر ئەنجامی کارەکەیان لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان بوو لە سەر چارەنووسی قوربانیانی ئەنفال لە یەك ناوچەداو لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1993دا بڵاوکرایەوە.

[3] ئەم گوزارشتە هەمان ئەو گوزارەیەیە کە ئەندرۆ وایتڵی بەرێوەبەری پرۆژەکە لەسەرەتای راپۆرتەکەدا بەرووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانیدا دەدات.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاگاداری ئەوە بێت کەوا جینۆساید لە ناوچە شاخاویەکانی باکووری عێراقدا، لە ساڵی 1988 دا بەرپاکراوە. لە ئەستۆگرتنی یاسای کارکردن لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانە بۆ سزادانی ئەوانەی پێی هەڵساون و نەهێشتنی دووبارەبوونەوەی، کارێکی بەجێیەو نکووڵی لێناکرێت. ئەمانە دەکرێ شوێنیان بکەوی چ لە ڕێگەی دادگای عەدلی نێو دەوڵەتیەوە یان لەڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. چوونکە ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی ڕێکەوتننامەی جینۆساید لە سەرێتی بەربەست لە کارو کردەوەی جینۆساید بکات)[4] .

جائەگەر ئەم بەدەنگەوەهاتنەی هەردوو ڕێکخراو( هیومان رایتس وۆچ و میدل ئیست وۆچ) نەبێتە هۆی ئەوەی خۆمان وەکوگروپێکی جینۆسایدکراو، نەمانهێنێتە دەنگو لەدوای بریاری دوودادگای تایبەتمەندەوە بۆ جینۆسایدکردنی کورد، هەڵوەستەمان پێنەکاتو بەدوای کۆدی چارەسەری کێشەی کوردەوە نەیەین؟ ئیدی چی دەمێنێتەوە کورد شانازی پێوەبکاتو بەنیازە کام دەستکەوتی سیاسی بپارێزێت؟ ئەگەر کورد خۆی وەکو نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو نەیەتە پێشیو ئەوحەصانە نیودەوڵەتیە مسۆگەرنەکات، کەلە سۆنگەی تاوانە نیودەولەتیەکانەوە، پێی دەبەخشرێت، بەنیازە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی چی بۆبکاتو چۆن تەماشای ئایندەی خۆی دەکات؟ ئەگەر کۆمەڵگەی نیودەولەتی هەربەدیدێکی ئینسانیانەوە تەماشای دۆسێی کوردی کردو کێشە سیاسیەکەی نەبووە مەسەلەیەکی زیندووی چارەسەرنەکراو ئیدی کورد، چ دلێکی بەداهاتووخۆشە؟!

لەوانەش گرنگتر بەلای منەوە ئەوخاڵە سەرنج راکێشەیە کە میدل ئیست وۆچ لەبەرانبەر تاوانی جینۆساید کردنی کورددا هێشتا راپۆرتەکەی خۆی بەناتەواودەزانێت، تائەو کاتەی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ ئەم تاوانەی لەدژی کورد ئەنجامدراوە دادەمەزرێنرێت، بۆیە لەدوای تەواو بوونی کارەکانیان لەکوردستان لەپێشەکی راپۆرتەکەیاندا دەنوسن: (بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە خۆی نیشانەیەکە، بەڵام ئەنجامو کۆتایی تا ئێستا دیار نیە. تەنها ئەوانەی کە بەرپرسن. "هەردووك" حوکوومەت بەگشتیو ئەوکەسانەش کەئەقڵی ئاڕاستە کردنو جێبەجێکردنی ئەنفال بوون، بدرێنە دادگا، ئەوکاتە کارەکە بە ئەنجام دەگاتو تەواو دەبێت)[5].

ئەوەی ئێستا گرنگە ئێمە بیزانین، ئەوەیە کەوا هەردوو بریاری دادگای شاری لاهای لەهۆڵنداو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کارەکەی میدل ئیست وۆچیان یەکلایی کردەوەو نیازومەبەستی راپۆرتەکەیان بەسەرئەنجام گەیاند، کەوا لەرووی یاساییەوە تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کوردیان بەتاوانەکانی ( کۆمەڵکوژی، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ) یەکلایی کردەوەو بەئەرکی یاسایی خۆیان هەستان، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ ئێمە کەوا کلیلی ئەو دوودادگایە بگرینە دەستو هەموو ئەوکۆدە ناوخۆییو نیودەوڵەتیانەی پێبکەینەوە، کە بە شێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندیدارن، بەتاوانە جینۆسایدیەکان دژ بەکورد.

لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەرکی دەوڵەتی عێراقە وەك ڕێز لەێنانێك لەدەستوروبریاری دادگای وڵاتەکەی خۆیو وەك رێزلێنانێك لەقوربانی جینۆساید کەگەلی کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی دەوڵەتی عێراقە، بەئەرکی سیاسیو ئەخلاقی خۆی هەستێو بە مەرسومێکی کۆماری داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکاتو قەرەبووی زیانلێکەوتووانیشی بکاتەوە، کە ئەوەش لەبەندی 122ی دەستوری عێراقدا هاتووە: هەموو ئەو کەسانەی زەرەرمەندی دەستی رژێم بوون لەبودجەی دەوڵەت قەرەبوو بکرێنەوە،و جەخت لەسەر ئەوەدەکات.. برێك لەداهاتی نەوت بۆئەو کەسانە دیاری بکرێت،[6].کەواتە ئەوە ئەرکی دەوڵەتە جێبەجێی بکات. باشە ئەگەر ئەمرۆ کورد بەجدی بەشدارە لە درستکردنەوەی دەوڵەتێنوێی عێراقداو پۆستی سەرکردایەتی هەیە، بەم ئەرکە هەڵنەستێت، بەنیازبین کەی پێی هەستێت؟! بۆیە مادام دەولەتی عێراق خەمساردە، ئەی ساردووسری کورد خۆی بۆچی دەگەرێتە؟

لەسەر ئاستی دەرەوەش ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەموو ئەو دەولەتانەیە کەوا ئیمزای پەیماننامەی سالی 1948 یان کردووە، بۆکورد بێنە مەیدانو رێز لەئیمزاکانی خۆیان گرنو بەپێی بەندی سێهەمی پەیماننامەکە حەصانەی نیودەوڵەتی بۆ کورد دروست بکەنو ڕێگە لەدووبارەبوونەوەی تاوانی جینۆساید بگرنو لەفەوتان بیپارێزن. ئەمەش بە بێ ڕۆڵی کاریگەرانەی خۆمان چ سیاسی یان ڕێکخراوەیی مەحاڵە کۆمەڵگەی نیودەولەتی بەتایبەتی ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەخۆرا بێتو بلێت فەرموون وەرن مافەکانتان وەرگرنەوە. بەپێچەوانەوە ئەوە کورد خۆیەتی دەبێت بلێت بێنن مافەکانمان بدەنەوە.

---

[4] محەمەد حەمەصالح توفیق. جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد میدل ئیست وۆچ – وەرگیراوی کوردی چاپی دووەم ل43

[5] هەمان سەرچاوە ل29

[6] بروانە دەستوری عێراق مادی 122